# قەناغی حەڤدەیەمی دەستپێشخەری "ریادە" خەرجکرا




ئەمڕۆ یەکشەممە،بانکی ڕافیدەین،خەرجکردنی قەناغی حەڤدەیەمی دەستپێشخەری "ریادە"ی بۆ پشتیوانیکردنی پڕۆژە بچووك و مامناوەندەکان ڕاگەیاند، بە گوژمەی یەک ملیار دیناری عێراقی و بە ژمارەی 85 گرێبەست.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی بانکی رافیدەین لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند : ئەم قەناغە لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکاندایە بۆ پشتگیریکردنی دارایی خاوەنکاران و گەنجان لە چوارچێوەی دەستپێشخەری بانکی ناوەندیی عێراقدا.

هەر بەگوێرەی بەیاننامەکە: ژمارەی گرێبەستە پشتگیریکراوەکان گەیشتووەتە 2272 گرێبەست، و کۆی گشتیی ئەو بڕە پارانەی کە تا ئێستا دراون گەیشتووەتە 29,941,000,000 (بیست و نۆ ملیار و نۆسەد و چل و یەک ملیۆن) دیناری عێراقی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی بانکەکەیە بۆ پشتیوانیکردنی پڕۆژەکان کە دەبێتە فاکتەری بنیاتنانی ئابووری نیشتمانی.